گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# هەڵوێستی هەرێمی و نێودەوڵەتی بەرامبەر بە شۆڕشی ١٨٨٠ شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری

**د. نازدار جليل مصطفى**
**بەشی مێژوو - کولێژی ئەدەبیات - زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر**
rozhgar_m2009@yahoo.com

**زانیاری توێژینەوە**

**ڕێکەوتەکانی توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠-١-٢٠١٦
ڕەزامەندی: ٢-٥-٢٠١٦
بڵاوکردنەوە: ٣١-٥-٢٠١٦

**وشەسەرەکییەکان:**
**هەڵویستی ، شۆڕشی ١٨٨٠، شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری**

**پوختە**

**ئێمەی میللەتی کورد ، وەك زۆربەی نەتەوەکانی تر لە ماوەیەکی زۆر کۆن خاوەن شارستانی و کەلتور و مێژووی دێرینی خۆمان بوینە و خاوەن چەندەها میرنشین وهەندێ جار ، ئەو میرنشینانە ، ئەوەندە فراوان بوونە کە بویتە هۆی ئەوەی ترسێکی گەورەی هەبێ ، بۆ دەوڵەتانی دەوروبەر ، لەوانە دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری، ولەبەر شوێنە جوگرافیە گرنگەکەی ، زۆر جار هێرشی کراوەتە سەر وبوویتە مەیدانی شەڕ وکوردەکان لە ئەنجامی ئەو هێرش و شەڕانە ، کە دەوڵەتان بۆ داگیرکردنی کوردستان هێرشیان دەکردە سەرێ ، کوردەکان بەرەنگاریان دەبوونەوە و هیچ کاتێك نەتەوەی کورد ملی کەچ نەکردووە نەبۆ دەوڵەتی عوسمانی و نە بۆ دەوڵەتی قاجاری ، بەڵگەش لەسەر ئەمە شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ، وە چەندەها شۆڕش و ڕاپەڕینی تر کە کوردەکان کردویانە بەتایبەتی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ئەویش بۆ ڕزگاربوونیان لەدەست زوڵم و زۆرداری هەردوو دەوڵەت. هۆکاری سەرەکیم بۆ هەڵبژاردنی ئەم بابەتە ، دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی ئەم شۆڕشە چونکە دیارە ئەم شۆڕشە مەترسیەکی زۆری هەبووە بۆ سەر وڵاتانی ئەوروپا و دەوڵەتی عوسمانی و وە قاجاری ، بۆیە هەر هەموویان بەشداربیان کرد لە دامرکاندنەوەی شۆڕشەکە، بەڵام ئەگەر چی شۆڕشەکە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا بەڵام شێخ عوبەیدڵڵا وازی نەهێنا لە ئامانجەکەی خۆی تا مردنی هەوڵی دا کە شۆڕشێکی تر بکات وبەدامرکاندنەوەی شۆڕشەکە هەستی نەتەوەیی لای کورد نەمری مایەوە ، بەڵکو زۆر بەرزتر بوو لە جاران .**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**لە بەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەکەم دا ، کە لە سێ بەش پێك دێت، لەتەوەری یەکەمدا باسی هۆکارەکانی شۆڕشی ساڵی (1880ز) م کردووە، لە تەوەری دووەمیش باسی هۆکارەکانی شکستی شۆڕشەکەم کردووە ، لە بەشی سێەمیش ئاماژەم کردووە بە کورد لەپەیوەندییە هەریمی و نیودەولەتیەکاندا لەنیوان سالانی 1514 تاوەکو پێش شورشی 1880 شیخ عوبەیدوللای نەهری. لە بەشی دووەمیدا باسی هەڵوێستی هەریمیم کردووە بەرامبەر بە شۆڕشەکە، لەیەکەم تەوەرەدا باسی هەڵوێستی قاچارییەکانم کردووە بەرامبەر بە شۆڕشەکە ولە تەوەرەی دووەمیشدا باسی هەڵوێستی دەوڵەتی عوسمانیم کردووە ، ولە بەشی سیەمیشدا ئاماژەم کردووە بە هەڵوێستی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە شۆڕشەکە کەئەوەشیان دوو تەوەرە لەخۆدەگرێت یەکەمیان باسی هەلوێستی بریتانیام کردووە و لە دووەمیشدا ئاماژەم داوە بە هەڵوێستی ڕووسیا لەهەمبەر ئەم شۆرشەدا.**

**گرنگترین ئەو سەرچاوانەی کە بەکارم هێناوە لەوانە (جەلیلی جەلیل) ە ئەم کتێبەی ئەو نرخێکی زۆری هەیە چونکە باسێکی تێر و تەسەلی ئەم شۆڕشەی کردووە ،(محەمەد حەمە باقی ) لە کتێبەکەی دا (شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاری دا) ، ئەمەش بەڵگەی زۆری تێ دایە ، وەکریس کۆچیرا کتێبەکەی مێژووی کورد لە سەدەی نۆزدەم و بیستەمدا،وبەرگی یەکەمی خولاصەیەکی تاریخی، کورد و کوردستانی محەمەد ئەمین زەکی وخالفین لەکتابەکەیدا خەبات لەرێی کوردستانا وچەندین سەرچاوەی ترم بەکارهیناوە بو خزمەت کردنی ئەم تویژینەوەیەم.**

## I. بەشی یەکەم : تەوەرەی یەکەم :

### - هۆکارەکانی شۆڕشی ساڵی (1880ز) دا :

**بێ گومان هەموو ڕووداوێکی مێژوویی بەتایبەتی شۆڕش و ڕاپەڕین هۆکار و فاکتەری خۆی لە دواوەیە . شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵاش[i] یەکێکە لەو ڕووداوانە ، گەلێك هۆکار و فاکتەری جیاوازی هەیە ، لەپێش هەموویان ئەو زوڵم و زۆرداریەی کە سەرانی قاجاری و عوسمانی لەگەڵی کوردیان دەکرد لە ناوچە کوردنشینەکان لە ئێران و دەوڵەتی عوسمانی دا[ii] .**

کوردستـــــان لـه نیوەی دووەمی ســـــەدەی نۆزدەهـەم لـەنـاو ڕەوشــــێکی نـالـەبـارو وێرانـدا دەژیـا ، جەنگ و شـوێنەوارەکانی جەنگ هەموو شـوێنێکی کوردسـتانیان وێرانکردبوو . باجی زۆرەملێی باجگرەکانی هەردوو دەسەلاَتی ناوەندی ، جوتیارانی هەردوو دیوی سنووریان دا دۆشیبوو (iii) .

شێخ هەولێدا مەسەلەی کورد لە قاوغی ناوچەکە بباتە دەرێ و دیدێکی نەتەوەیی هەبوو چونکە بەیەك چاو ســـەیری گەلی کوردی کرد لە دەوڵەتی عوسمانی و ئێران و لە ســاڵی 1880 دا دوو کۆنفەنســی بۆ ســـەرانی خێڵەکانی کورد گرێدا و کۆمەڵەی کوردی دروست کرد(iv).

کوردەکان لەڕووی کۆمەڵایەتی دابەش کرابوون بەســەر چـەندین تیرە و هۆزی گەورە و بچـووکدا ... لە ڕووی ئابوورییەوە بەشـــێکی گەورەی بەرەوەندایەتی مابووەو ، هەندێکی تر خەریکی کشـــتوکاڵ بوون، لە گوندی دواکەوتوودا دەژیان و هەندێکی کەمی لە شار نیشتەجێ بوون (v).

جگە لەمانە هەواڵ لە هەموو ناوچەکانی کوردستان بلاَوبووەوە کە جوتیارەکان ناچاربوون شەڕ بکەن لەسەر بەروبومی کشتوکاڵی و بەرگری بکەن لە شوێنی خەزن کردنی گەنم کە تورکەکان هێرشی سەربازیان دەکردنە سەری(vi).

لەڕووی سـیاسـیەوە ، خاوەن دەوڵەتی خۆی نەبوو کورد ، بۆیە کوردانی ژێردەسـتی قاچـاری دەبوو دڵسـۆزیی سـیاسـیان بۆ سـوڵتان هەبێت و ئەوانەی ناوچـەکانی سـنووری هەردوو دەوڵەتیش بەگوێرەی گۆڕانی بارودۆخ باری دڵسۆزیی خۆیان دەگۆڕی(vii).

لـەڕووی فـەرهـەنگییـەوە ، ئـەگەرچــــی زۆرێنەتی کورد موســـــڵمانبوون ، مەلاکانی کورد دەبوو فێری زمانی عەرەبی بن ، بەلاَم لە بەر ئەوەی دەســـەلاَتی ئێران ، فەرهەنگی فارســـی و دەســـەلاَتی عوسمانی فەرهەنگی تورکییان بەسەردا دەسەپاندن ، بۆیە فەرهەنگی روناکبیری کورد ، دەکەوێتە ژێر کارتێکردنی فەرهەنگی (3) نـەتـەوەی جیـاواز ، لـەبەر ئەوە هیچــــکام لە لەهجەکانی زمانی کوردی لەوانە : گۆرانی ، کرمانجی ، بابانی ، نەیتوانی ببێتە زمانی فەرهەنگ و نووسین(viii).

وا دیارە کوردەکان لە لایەنی ئابووری ئەوەندە خراپ بووە کە ناچـار بوونە لە برسان گۆشتی کەر و گژوگیا و ڕووەك بخۆن بە هەزاران کورد ڕوویانکردە قونسڵخانەی روس و داوای یارمەتیان دەکرد(ix).

شـێخ عوبەیدوڵلاَ کۆبونەوەیەکی گرێ دا لە شـەمدینان لەو کۆبونەوەیە ئامانجی ســەرەکی لە ڕاپەڕینەکەی بەدیار خســـت کە ئەویش دامەزراندنی یەکگرتووێکە لە نێوان عەشــــیرەتە کوردییەکان و خۆئامادەکردن بۆ شۆڕشێك لە دژی هەردوو دەوڵەتی فارسی و عوسمانی دا. هەر لەکوبونەوەکەدا ئاماژەی بەوەشدا کە پێویستە کودرستان دەوڵەتێکی سەربەخۆ بێ ودەوڵەتی عوسمانی وفارسی ئەمانە ڕێگرن لەبەردەم پێشکەوتنمان(x).

وادیارە هۆی ســەرەکی شـۆڕشـەکە ئەوەبوو کە کورد دەسـت بداتە چـەك تا خۆی ڕزگار بکا لەو برسـێتی و دواکەوتووەی کە تووشی بووە(xi).

ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شــەڕە کۆمەڵێ هۆکاری تری لێ کەوتەوە لەوانە بلاوبوونەوەی برســێتی و هەژاری و نەخۆشــی، هەروەها ئەو جەنگە لە هەموو شوێنێك شیرازەی یاسا و ئاسایشی تێکدابوو (xii).

شۆڕشــەکەی شــێخ گوزارشــتی لە حەز و ئاواتی گەلی کورد دەکرد وئامانجی چاکردنی بارو ژیانی کورد ویەك گرتنەوەیان بوو لەهەردوودەوڵەتی ئێران وعوسمانیدا(xiii).

هەروەها یەکێك لە هۆکارە ڕێخۆشکەرەکانی ئەو شۆڕشە دەگەڕێتەوە بو ئەوەی کە هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری لەســەرە مەرگ دابوون ودەوڵەتی عوسمانی و قاجاری ســەریان لێ شــێوابوو،بەهۆی ئەو نائارامییەی کە ناوچە کوردییەکانی گرتبۆوە(xiv).

لەڕاســــتیدا حەرەکەتی شــــێخ عوبەیدوڵلاّ لە ســــاڵی 1880م دا ولەوەقتی هیلاکی و بێ هێزی حکومەتی عوسمانی دا دەســــتی پێکرد، تووشــــی موقابەلەیەکی بەقووەتی حکومەتی عوسمانی نەبووەوە زۆر شــــدەت و تەوەسوعی سەند(xv).

**- تەوەرەی دووەم : هۆکارەکانی شکستی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵلاّ :**

بێگومان هەر شــــۆڕش وراپەڕێنێك کە شــــکســــت دێنی کۆمەڵە هۆکارێکی بەدواوەیە وڕاپەڕینەکەی شــــێخ عوبەیدوڵلاّش یەکیکن لەو شۆرشانە کە کومەلێك هۆکار بونە هوی شکستی لەوانە : خەڵکێکی زۆر هیوایەکی گەورەیان بە شــۆڕشــەکە بوو، چاوەڕوانی ئەوەشــیان دەکرد ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ وەزعی ژیان و ئاســایشــیان بەرەو باشتر بوون بڕوا و بۆ هەمیشە لە چنگ زوڵم و زۆرداریی دەوڵەتی ئێران قوتاریان بێت . بەلاّم کاتێك دیتیان لەشــکری کوردەکان جگە لە خوێن ڕشــتن و تالاّن و چــەنگەری دەســکەوتێکی دیکەیان وەچــەنگ نەهێناوە ناهومێدی ڕووی تێکردن وبیریان لەوە دەکردەوە ئەگەر شێخ عوبەیدوڵلاّ سەرکەوتوو نەبێ لەو شۆڕشە دەبێ چارەنووسیان بەچی بگات ؟ چونکە دەیان زانی لە دەوڵەتی ئێراندا لێکۆڵینەوە نیە ، قانوون و عەدالەتیش هەر قسەیە(xvi).

وهەندێ لە هێزەکانی شــێخ کەوتنە هەوڵدان بۆ وەدەســــت هێنانی هەندێ دەســــکەوت بۆخۆیان و فاکتەری نەتەوەییان فەرامۆش کرد، سەرباری ئەوەی کە سوپاکەی شێخ لە چەندەها خێڵ پێك هاتبوو(xvii).

زۆربەی ســەرکردەکانی شــۆڕشــەکە شــارەزایی لە زانســتەکانی جەنگ و تەجروبەی جەنگیی نیزامی نەبوو. وچەکی قورسیشیان نەبووە وچەکەکانی تریان بەزۆری خراپ بووە وبەشێکیان چەکی ئاگرداریان هەرنەبوو. هێزەکانی کۆنەکرابۆنەتەوە ڕێك نەخرابوون و بە فەرماندەیی سەرۆك عەشیرەتەکان کۆبوونەوە(xviii).

زۆربەی عەشــیرەتەکانی وەك مامش و قەرەپەیاغ هەر لە ناچــارییان بەگەڵ لەشــکری زۆر و بۆر کەوتبوون ، ئەگینا وەك ستوونی پێنجەم بۆ دەوڵەت کاریان دەکرد و عەشیرەتەکانی دیکەشیان سارد دەکردەوە ، دیبۆکری یەکانس هەر بۆ مەسلەحەت بەگەڵ لەشــکرەکە کەوتبوون، بەشــێکی بەرچاوی دیکەش کە زۆربەی لەشــکری کوردانیان پێك دێنا ، برسیتی و هەژاری پاڵی پێوەنابوون خۆیان دەشــەڕەکە وەربدەن ، لەشکرێکی وا تێکەڵی

ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نارێك ، نەیدەتوانی بەرەنگاریی لەگەڵ لەشکری قاجاردا بکا جگە لە تێکشکان شتێکی دیکە بۆ شۆرش دەستە بەربکات (xix). زۆر لە ســەرۆك خێڵەکانی موکریان ، بە نهێنی و بەئاشــکرا ، لە پێش شــۆڕشــەکە و لە گەرمەی شــۆڕەکەدا ، پێوەندییان بە لەشــکری دەوڵەتی ئێران کردبوو ، کە دوای خۆبەدەســتەوەدانی هەر دەســتەیێکیان دەبوونە مایەی دلشــادیی و بەشــداری شــۆڕش چــاولێکەریی بۆ ســەرۆك خێل و خەڵکەکانی تریش(xx).

وهۆکارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ کورت بینی لە سیاسەت و بیر و فکری تەنگ لای سەرۆك هۆزەکانی کوردی و نەبوونی یەك ڕێزی و دووبەرەکی لە نێوانیاندا هەبوو(xxi).

جگە لە هۆکاری ناوخۆیی، هۆکارێکی دەرەکیش کاریگەرییان هەبوو لەسەر شکست هێنانی شۆرشەکە لەوانە : لەشــکری ئێران کە لە کوردەکانی جەلالی پێکهاتبوون بەســەرۆکایەتی تەیمور خانی دوژمنی شــێخ کە فەرماندەرێکی زۆر ئازا و چالاك بوو ئەمانە لەشکری شێخیان شکاند(xxii).

حکومەتی ڕووســیا وباڵیۆزخانەی بریتانیا لە تاران ڕۆلێکی گەورەیان لە شــکســت پێ هێنانی شــۆرشــەکە دا بەهانـدانی حکومەتی ئێران هەبوو و هەردووکیان فشــاریان بۆ دەوڵەتی عوسمانی هێنا بۆ هاوکاری کردنی حکومەتی ئێران بۆ شکست هێنانی شۆڕشەکە(xxiii).

دەوڵەتی عوسمانی لە دواوە هێرشــی کردە ســەر ئەم شــۆڕشــە . ئەمەش ڕۆڵی بینی لە ســەرنەکەوتنی ڕاپەڕینەکە(xxiv).

لێرەدا دەردەکەوێ کە زۆربەی ولاّتە زلهێزەکان وەك رووســیا و بریتانیا ئەمانە یارمەتی مادی و مەعنەوی یان پێشکەش بە دەوڵەتی عوسمانی و قاجاریان کرد بۆ سەرنەکەوتنی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵلاّ (xxv).

لە کۆتایی تشرینی دووەمی 1880 دا تاڕادەیەکی زۆر دەبینین ڕاپەڕینەکە کوژێنرایەوە ، زۆربەی دەرەبەگ و سەرۆك هۆزە کوردییەکانی ئێران لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵلاّ دا هەلاّتن بۆ تورکیا لەوێش ، وەك (کامسەرەکان) ی کونسوڵی ڕووس لە (وان) ئەڵی، کەوتنە خۆ ئامادەکردن بۆ ڕاپەڕینێکی تر(xxvi).

## تەوەرەی سێیەم :کورد لە پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکاندا لەنێوان سالانی 1514 تاوەکو پێش شۆرشی 1880 شێخ عوبەیدوڵلاّی نەهری:

کرنگی شوێنی جوگرافی کوردستان گاریگەریی گەورەی کردووتە سەر پەیوەندی نێوان ولاتان وەباجێکی زۆری داوە وەدووچــاری شــەری بەردەوام بووە لەپێنـاو دەســت گرتن بەســەر کوردســتان وکێبرکی زۆریان کردووە(xxvii)، سەرەتای ململانێ لەنێوان عوسمانیەکان وصەفەوییەکان لەسەدەی شازدەهەمدا هاتە ئاراوە، یەکێك لە گرنگترین ئەو شــەڕانە بریتی بوو لەشــەری چــاڵدیرانی ســاڵی 1514دا کە عوسمانیەکان توانیان ســەرکەوتن بەدەســت بێنن بەســەر صــەفەوییەکاندا (xxviii)، ئەنجامی ئەو شــەرانە زۆر جار بەبەســتنی ریکەوتنـامـە لـەنێوانیاندا کۆتایی دەهات یەکێك لە گرنگترینیان رێکەوتنامە زەهاو بوو لەســاڵی 1639 کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەپێی ئەو رێکەوتننامەیە کوردستان دابەش کرا لەنێوانیان(xxix)، بەلاَم بەشی هەرە گەورە بەر دەوڵەتی عوسمانی کەوت. لەو شەڕو شۆڕانەی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە بوە هۆی ئەوەی کەباری ئابووری کوردستان خراپ بی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دوو دەوڵەتە بەردەوام بوون لەکۆکردنەوەی باج ورووتاندنەوەی دانیشتوانی چەوساوەی کوردستان(xxx).

لەبەر گرنکی خاکی کوردستان لەرووی ئابووری وسیاسیەوە بەرە بەرە دۆزی کورد دەهاتە نێو باس و ناکۆکی دەوڵەتە زلهیزەکان وبچووکەکان کە ببووە بەشێك لە باسە نێو دەوڵەتیەکان(xxxi)، بە هاتنی سەدەی نوزدەم دەتوانین بڵێن کە یەکەم جار بوو دۆزی کورد لەلایەن دەولەتە ئیمبریالیزەمەکانی وەکو روسیا گرنگی زور بەنەتەوەی کورد بدات بەتایبەتی لەکاتی جەنگی عوسمانی وروسی سالانی(1804-1812) وئەو بایەخە تا دەهات زیاتر دەبوو بەتایبەتی لەجەنگی روسی –تورکی (1828-1829) کە روسیا دەیویست دەست بگرێ بەسەر ناوچەی بایزیدی کوردی، ودۆزی کورد نەك تەنها بوە جێگەی بایەخ لەنێوان ئەم دەوڵەتانەی کەئاماژەمان پێ کرد بەڵکو لەلایەن بریتانیاو ودەولەتانی تریش گرنکیان پێ دا وەکو بەشێك لەپەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانیاندا، خالفین دەڵێ:" کوردستان بایەخیکی گەروەی هەبوو لە لایەنی جەنگی وسیاسی و وبازرگانی وئابووری لە پلانی دامودەزگایی ئینگلیزی لەپرۆژە جیاوازەکانی بەتایبەتی کردنەوەی نزیکترین رێگا بو گەیشتن بە هند کە داگیرکەێکی بریتانی بوو" وهەروا ئاماژە بەوەش دەکا دەڵێ " کە دامودەزگاکانی بریتانی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نوزدەم دەستیان بەلێکۆلینەوەی تەواو کرد لەبارەی بارۆدوخی جەنگی وسیاسی وئابووری لەکوردستاندا وپەیوەندی بەتینیان بەست لەگەڵ سەرۆك هۆزەکان وتایفە کوردەکان، کەئەمەش ریگە خوشکەرێك بوو بۆ هاتنی بریتانی لەلایەنی بازرگانی- سیاسی "(xxxii).

دابەش کردنی کوردستان خاڵێکی گرنگ بوو لە پەیوەندیی نێوان (ئێران وتورکیادا)وئەو ناکۆکیەی نیوانیان چەندین جار شەری گەورەی لێکەوتووتەوەو لەگرنترێنیان دوو شەر کە لەساڵێ 1822 روویدا لەئەنجامی دا کوتایی هات و بەشکستی تورکیا وە دوای ساڵێك واتا لەسالی 1823 پەیماننامەی ئەرزەروم(xxxiii)) بەسترا لەنێوانیان کە ناوەروکی گەڕانەوە بوو بۆ هێڵی گشتی پەیماننامەی زەهابی سالی 1639 کە سنوری لەنیوانیادا دیاری کرد. دوای ئەوەش چەندین شەڕو ناکۆکی کەوتەوە نێوانیان کە ئەمەش بوە هوی ئەوەی کەدەوڵەتە ئەوروپیەکانیش وەکو بریتانیاو رووسیا دەست لەناو کاروباری ناوچەکە بەگشتی وەربدەن وکوردستانیش بەتایبەتی. چونکە ئەم شەڕانەی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە بەربەستێکی زۆری دروست کردبوو لەبەردەم بازرگانی لەگەڵ ئیران وتورکیاو روژهەلاَت کەئەمەش شتیکی گەنجاو نەبوو بۆیان، وبۆ گەیشتن بەئاشتینامە شاری ئەرزەرومیان هەلبژارد وەکو شوینیك بۆ وتوێژکردن. لە ساڵێ 1843 هەر یەك لەرووسیا وبریتانیاو وتورکیاو ئێران نوێنەریان ئامادەبوو.بەمەبەستی دەستنیشانکردنی ودیارکردنی سنور چەندین لیژنەی جوراوجور پیك هات کەلەناوچەکە دەستیان بە گەران کرد لەساڵی 1848تا 1854دوای لیکوڵێنەوەێکی دوورو درێژو ناکۆکی زۆر لە ساڵێ 1869 نەخشەی سنووری بلاَوکرایەوە. وئەم سنورە لە لایەن رووسیاو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**بریتانیا بەفەرمی راگەیەندرا کەدیاری کردنی سنور لەسەر نەخشە بەم شیوەیە سنووری کوتایی نێوان هەردوو دەوڵەتی تورکی وئیرانی دیاری کرد ودەبێ رێزی لێ بگیری وەجێ بەجێ بکرێ(xxxiv)).**

**وادیارە دەوڵەتی بریتانیا وروسیاو ئەلمانیاوتورکیا وئێران هەموویان لەململانێ دابوون لەسەر ئەوەی کە زۆرترین سوود وەرگرن لەدەوڵەمەندی کوردستان(xxxv) ئاشکرایە دوا بەدوای شەڕی سەربەخۆیی وڕاگەیاندنی یەکێتی ئەڵمانی لەساڵی 1871، پێشوەچوونی زۆر گەورەیان بەخۆیانەوە بێنی ، بەتایبەت لەبواری ئابوورییەوە. ئەمە لەکاتێکدا سەرەتاکانی شۆرشی پیشەسازی لەبەریتانیادا سەری هەڵدا بۆیە ئینگلیزەکان لەوکاتەدا لەخەڵکی تر پتر پێویستیان بەکەرەستەی خاو هەبوو. کەرەستەی خاوی کوردستانیش دەمێك بوو سەرنجی راکێشابوون(xxxvi).، کوردستان وەکو مەڵبەندی ئابووری بەهیز بوو بۆ وەڵاتە بیانیەکان بەتایبەتی دۆزێنەوە نەوت، وەکو عزیز شەمزینی دەڵێ: کوردستان وەك دەوڵەمەندترین ناوچە پەترۆلێیەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست و نزیك، سەرنجی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانی راکێشا وکۆنترولکردنی ببووە بەیەکێك لە ئامانجەکانیان، سەرەئەنجام کوردستان بووە گۆرەپانی ململانێیەکی توند وتیژی نێوان ئەلمانیاو وبەریتانیاو رووسیا بۆ بلاوکردنەوەی پروپاگەندە وفریودانی کورد، سیخوڕانی ئینگلیز وئەلمان وورووس خزانە ناو کوردستانەوە وهەریەکەیان لاف وکەزافی ئەوەی لێدەدا ولأتەکەی ماڤی گەلأن دەسەلمێنی وپیشتیوانی لە داخوازییەکانی گەلی کورد دەکا"(xxxvii).لەئەنجامی سیاسەتی ئەو دەوڵەتانە بەتایبەتی لەسەدەی هەژدەم ونوزدەم سیاسەتی هەردوو دەوڵەتی ئیران وتورکیا لەئەنجامی ئەو شەڕوشۆڕانە کەلەسەرخاکی کوردستان دەکران وەلەئەنجامی ئەو پەیماننامانەی کە لەنێوان ئەو دەوڵەتانە دەبەستران کە لەخاڵە گرنگەگانی دابەش کردنی خاکی کوردستان بوو لەنیوان خۆیان ولەئەنجامدا کورد جگە لەوەی تووشی نەهامەتی و کاولکاری زۆردەبوو لەئەنجامی ئەو شەڕانە خاکی دابەش دەکرا ودەبووە گەلێگی ژیردەستەو ستەم وزولی زۆری لێ کرا لەلایەن ئەو دوو دەوڵەتە هەربۆیەش چەندین هەوڵدرا بۆخۆ رزگارکردنی وسەربەخۆیی کوردستان لەوانەش جولانەوەی بزوتنەوەی یەزدان (xxxviii)ولەدوایشدا شۆرشی شێخ عوبەیدوللای نەهری لەساڵی 1880کەلە ئەنجامی ئەمەدا دۆزی کورد زیاتر گرنگی پێ درا لە لایەن ولاتانی هەرێمی ونیودەوەڵەتی کە لە ڕاپەرینی شێخ عوبەیدوڵلا زیاتر ئاماژەی پێ دەکەین.**

## II. بەشی دووەم: هەلویستی هەرێمی بەرامبەر شۆڕشەکە:

### – تەوەرەی یەکەم : هەڵوێستی قاچارییەکان بەرامبەر بە شۆڕشەکە.

**شێخ عوبەیدوڵلاّ بڕیاری دا سەرەتا شۆڕش لە کوردستانی ئێران هەڵ بگیرسێ(xxxix) . حکومەتی ئێران بەم بڕیارە پەست بوو و کەوتە کۆکردنەوەی هێزەکانی سوارە و پیادەی ئازەرەکانی ماکۆ بۆ خۆسازدان بۆ بەرگری و داوای لە حکومەتی عوسمانی کرد هێز بۆسەر سنوری هاوبەشیان بنێری تاکو هاوکاری یەکتر بکەن(xl) .**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زوڵم و زۆرداری و ڕووتاندنەوەی خەڵك ببوە ســیاســەتی و دەســتوری ڕەسمی لە ئێران پێش ڕاپەڕینەکە و وپاش دامرکاندنەوەی ڕاپەڕیەنکەش(xli) .

ئـامـاری گشـــتی ئـەو نـامـە و نـاڕەزاینـامـە و گلـەیی و گازاندانەی کە ئێران لای خۆیەوە ســەبارەت بە ئەم بزوتنەوەیەی کورد بۆ دەوڵەتی عوسمانی ناردووە ، لە نامەی هەموو کێشەکانی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە پترە . لە زۆربەی ئەم نامانەدا ئۆباڵی پەرەسـەندن و هاندان و زەمینە خۆشـکردن و خودی ڕاپەڕینەکەش دەخرێتە ئەسـتۆی دەوڵەتی عوسمانی و کەمتەرخەمی کاربەدەسـتانی عوسمانی ، چونکە ئێران پێی وابوو دوای ئەوەی دەســەلاتی دەوڵەتی عوسمانی لە ئەوروپادا کەم بۆتەوە خاکی زۆری لەدەســت چــووە زیانی زۆری لێکەوتووە دەیەوێ لە سەر حسابی ئێران بەدەستیان بهێنێتەوە(xlii).

یەك لەو هەڵوێستە خراپانەی ئێران ئەوەبوو شای ئێران لە ڕێگای (تۆمسۆنی-tomson)باڵیۆزی بەریتانیا لە تـاران ، داوای لـە بـەریتـانیا کرد ، کەوا پاڵە پەســتۆ بخاتە ســەر دەوڵەتی عوسمانی بۆ ئەوەی دژی کورد و ڕاپەڕینەکەی شـێخ عوبەیدوڵلاً بووەســتێت، بەم هۆیەش دەوڵەتی عوسمانی چــەند مەخفەرێکی ســەربازی لەسەر سنور دانا، بۆ ئەوەی کوردەکان لە ئێران نەگەڕێنەوە دەوڵەتی عوسمانی(xliii).

پاش ئەوەی شــۆڕشــەکە ســەرکوت کرایەوە ، شــێخ عوبەیدولاً و هاوڕێکانی گەڕانەوە دەوڵەتی عوسمانی ، ئەوەبوو ئێران داوای لە دەوڵەتی عوسمانی کرد کەوا شێخ عوبەیدوڵلاً تەسلیم بکات یاخود سزای بدات(xliv) هەروەها حکومەتی ئێران داوای لە دەوڵەتی عوسمانی کرد، کەوا هێز لەسـەر سـنوری ڕێگای هاتووچۆی شـێخ عوبەیدوڵلاً دابنێت. وەزیری دەرەوەی ئێران (میرزا سـەعید خان) یاداشتێکی دەربارەی ڕاپەڕینەکە پێشکەش بە وولاًتە زلهێزەکان کرد وە داوای لێ کردن کە هاوکاری ئێران بکەن دژی ڕاپەڕینەکە(xlv).

کاربەدەســتانی ئێران پاش ئەمە کەوتنە گیانی خەڵك و ســوتاندنی دێهات و شــارە کوردیەکان لە ئێران ، وە کوردەکانیان لە ناوچــەکانی خۆیان گواســتەوە بۆ ناوچــەکانی دیکە، وە کەوتنە گیانی خەڵك بێ ئەوەی گوێ بدەن بە منداڵ و ئافرەت و پیر ونزیکەی 200 گوندیان کاول کرد(xlvi).

ســەرەڕای ئەمە شــای ئێران خەلاًتی ئەو کەســانەی دەکرد کە دەکەوتنە گیانی کوردەکان ولەخوێن رشــتن بەشــداردەبوون ، میرزا عبدالقاســم یەکێك بوو لەو کەسـانەی کە لەئەنجامی ئەو کارە بە سـەد هەزار تومەن خەلاًت کرا، کاتێك شوێنێکیان دەگرت ،گەنم و جۆی شوێنەکەیان دەسوتاند ، زۆر ناوچەیان سووتاندن کە هی کوردیش نـەبوون ، وەك ئـەو گونـدانـەی کـە لـەدەوروبـەری ( مەجید خان) بوون کە درا بوون بە هاولاًتیەکی روسی بەکرێ(xlvii).

دەســـەلاًتـدارانی ئێرانی پـارەیـان لـە بەگ و خانە کوردەکان وەردەگرت بۆ ئەوەی دەســـەلاًتیان لە ناوچـــە کوردیەکان بۆ بمێنێتەوە و 400 هەزار تومەن وەك قەرەبوو لە کوردەکان سێنرا(xlviii).

دوای گەڕانەوەی شــێخ لە ئەســتەمبۆل، هەڵوێســتی قاجــاری یەکان توند و تیژتر بوو ودەســتی کرد بە ئەنجامدانی قایمکاری لەســەر ســنوری ئێران و دەوڵەتی عوسمانی بو ئەوەی بەگری بکات، وشــورەی نیوە

**ڕوخاوی شــاری ورمێ یان چــاك كردەوە وشــای ئێران لەشــكرێكی زۆری بۆ ناوچــەی (شــنۆ)، (لاجان)، نارد وعەشیرەتەكانی پرچەك كرد، وسیاسەتی دووبەرەكایەتی پەیڕەو كرد لەنێو عەشیرەتەكان دا(xlix).**

**سوپای ئێران كەوتنە ڕاوەدونانی شۆڕشگێڕانی كورد و كوشتن و سوتاندن و وێرانكردنی هەرچی دێتە بەپێی ئۆپراسۆنەكان . دەوروبەری سێ مانگ درێژەیان كێشا بەبێ ئەوەی هێزەكانی شـێخ عوبەیدوڵڵا ئامانجەكانی خۆیان بەدەست بێنن و زۆری نەبرد نیشانەكانی هەرەس هێنان و شكست و ماندوبوون تێیانەوە دەركەوت(l).**

**- تەوەرەی دووەم :هەڵوێستی دەوڵەتی عوسمانی بەرامبەر بە شۆڕشەكە :**

**هەڵوێستی دەوڵەتی عوسمانی لە سـەرەتای شـۆڕشـەكە دوو ڕووی هەبوو ، چونكە لەلایەك لەشكری عوسمانی لەسەر سنوور بوو ، بۆ ئەوەی ڕێگە لە هۆزە كوردیەكان بگرێت نەوەك یارمەتی شێخ عوبەیدوڵڵا بدەن(li).**

**لەلایەكی تر یارمەتی شێخ عوبەیدوڵڵای دەدا ، كە كاتێك ڕاپەڕینی لە ئێران دەست پێكرد ئەمەش بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە دەست بەسەر ئازربایجانی ڕۆژئاوا و ناوچە كوردنشینەكان بگرێت (lii).**

**دەســـەڵاتدارانی عوسمانی و پیاوانی بابیمالی پێیان خۆش بوو ئێران بكەوێتە تەنگو چـــەڵەمەی ســـەخت و قوڵەوە وتوانای دەربازبوونیشی نەبێت ، چونكە لەكاتێكدا دەولەتی عوسمانی، دوای جەنگە دۆڕاوەكەی لەگەڵ ڕووســـیا (1877-1878ز)دا ، كـەوتبووە بـە ژێر زیـان و مـەرجـە گرانـەكـانی پـەیمـاننـامەی بەرلین و داوا سەختەكانی رووسیا و وڵاتانی ئەوروپاوە، كەچی ئێران بە هەلی زانیبوو كێشە دیێرینەكانی خۆی و عوسمانی ژیاندبۆوە، وداوای هەندێ ناوچـە و خاكی سـەر سنووری دەكردەوە ، لە هەمان كاتدا لەسەرەتای ڕاپەڕێنەكەدا ، بە كەمتەرخەمیی و ساردییەوە سەیریان دەكردو گوێیان لە داخوازی و گلەیی و گازاندەی ئێران نەدەگرت و لەو باوەڕەدا نەبوون كە هێزەكانی ئێران خۆیان لە بەرامبەر ڕاپەڕینی كوردەكان پێ بگیرێ(liii).**

**تێبینی كراوە كە دەوڵەتی عوسمانی لە قۆناغی یەكەمی شـۆڕشەكەدا یارمەتی شێخی نەداوە بەڵكو لە قۆناغی دواتردا یارمەتی دا بەڵام وردە وردە كەوتە ژێر گوشـاری ڕووس و ئینگلیز و بەئاشـكرا یارمەتی شـێخی نەدا . كاتێك ڕووســیا بەمەی زانی كە دەوڵەتی عوسمانی بەنیازە ژێربەژێر پشــتیوانی لە شــێخ بكا ، داوای لێ كرد پێشنیار بۆ شێخ بكا سەردانێكی بكا بۆ ئیستەنبوول بۆ ئەوەی ناچاری بكا لەوێ بمێنێتەوە و وەك كارتێك بۆ مەرامەكانی خۆی بەكار بێنێ ولێ نەگەڕێ شۆڕش لە ئێران هەڵبگیرسێ . مەگەر ڕەزامەندی خۆی نەبێ(liv).**

**هەرچـەندە سەرەتا عوسمانیەكان لەبەرژەوەندییان بوو كەحكومەتی ئێران سەرقاڵ بكەن بەم ڕاپەڕێنە بەڵام دواتر ترسودڵەڕاوكێی لادروست بوو ئەمەش لەئەنجامی سەركەوتنە بەراییەكانی شۆڕشگێڕانlv، لەداهاتوودا ببێتە مەترسی بۆسەر هەردوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانی وزەمینەی ئەوەی لا خۆش كردن، هەرچی كێشەی سـەرەكی و لابەلایان هەیە بیخەنە ئەو لاوە ولێ نەگەڕێن ئەم شـۆڕشـە زیاتر تەشـەنە بكات. شـێخ بە ئاشكرا باســـی ئەوەی دەكرد لە وتەكانی و لە نامەكانیدا بۆ كونســـوڵەكانی ڕووس و بەریتانیا كە داوای ئازاد كردنی كوردستانی ئێران و نیازی ئازادكردنی كوردستانی عوسمانی یە(lvi).**

ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


کاربەدەستانی تورك، کە لەژێر گوشاری رووس، ئینگلیس و ئێران دابوون دەیانویست شێخ بەخۆشی بخەنە داوەوە . بۆ ئەمەش کەوتنە سەردان و هاتووچۆ بۆ لای و گفتوگۆ لەگەڵیدا تا لەگەڵ خۆیاندا بیبەن بۆ ئەستەمبوول و لەوەش دەچێ شێخ خۆی هیوای بە قسەی و بەڵێنەکانی تورك هەبووبێت، یان لێیان دڵنیا بوو بێت، چونکە لەو کاتەدا چەند نامەیەکی بۆ کوردەکانی سنوور بۆ ئاوارەکانی ئەو جەنگە و ڕاپەڕینەکەش نووسیوە، تیایدا سوپاسی تورك دەکات و دڵنیایان دەکات کە تورکەکان بەڵێنیان داوەتێ تا داهاتوو بە دڵی شێخ بێت(lvii) .

لە مانگی تەمووزی ساڵی 1881دا شێخ چوو بۆ ئیستەمبۆڵ و لەوێ زۆر بەگەرم و گوڕی لەلایەن گەورە کارمەندانەوە پێشوازی لێ کرا و حکومەتی عوسمانی بەم ڕێو شوێنە ویستی لەلایەك سنورێك بۆ شۆڕشی کوردان دابنێ و لەلایەکی ترەوە کەڵك لە شێخ وەرگرێ وەك کارتێك بۆ کاریگەری خستنە سەر حکومەتی ئێران ئەویش لە ریێەوە کە داوای لە ئێران کرد ئەو زیانە بۆ شێخو پشتیوانەکانی ببژێرێتەوە کە بەهۆی ئوپەراسۆنە سوپاییەکانی ساڵانی 1880-1881 پییەوە لییان کەوتوە، حکومەتی عوسمانی لەرێگەی باڵیوزی خۆی لەتاران ئاگاداری حکومەتی ئێرانی کردووە کەئەگەر ئەم داوایانە جێبەجێ نەکات، بارودۆخەکە گرژیی تێدەکەوێ وکورەکانی ناوچە سنووریەکانی نێوان هەردوو دەوڵەت پشێوی دەنێنەوە، بەلاّم وەزیری دەرەوەی ئێران کەناوی میرزا سەدر خان بوو ئەم داوایەی رەت کردەوە بەبیانوی ئەوەی ئەو ناوچانەی کەزیانی بەرکەوتوون موڵکی شیخ نەبوونە وبەکرێ پێی درابون، جگە لەوەی گوایە شیخ بەفێڵ دەستی بەسەر هەندێ زەوی گرتبوو، بۆیە دەست بەسەر موڵکەکانی گیرا(lviii).

ئەوەی گرنگە ئەوەیە کەدەوڵەتی عوسمانی لەکاتێکدا هاوکاری شێخیان کردووە بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکانی خۆیان ئەویش بریتی بوو لەوەرگرتنەوەی ناوچەی قوتور کە بەپێی کونفرانسی ساڵی 1878 ی بەرلین درا بەئێران.بەم جۆرە، ململانێی دبلۆماسی لەنێوان هەردو حکومەتدا بەهۆی مەسەلەی کوردەوە پەرەی سەندو لەگەرمەی ئەم هەلومەرجەدا شێخ توانی لەئەستەمبول راکاو لەساڵی 1882دا بەدزییەوە بگەرێتەوە بۆ کوردستان. دوای ئەوەی پیشوازێکی گەرمی لێ کرا وعەشیرەتە کوردییەکان لەدەوری کۆبوونەوە، وەبەگەرانەوەی حکومەتی ئێران ترس ودلەڕاوكێی لا دروست بوو. شێخ هەولێدا پەیوەندی بەرووسەوە بکات وداوای هاوکاریانی لێ کرد بەلاّم رووسەکان پەیمانی یارمەتیان پێ نەدا. کاتێك کاربەدەستانی عوسمانی بەمەرامەکانی شێخیان زانی چەندین کەسیان نارده لای بۆ وتوێژکردن تاواز لە شەڕ و شۆڕ بهێنێت وبە دبلۆماسی چارەسەری کێشەکان بکەن . بەلاّم شێخ بەمە ڕازی نەبوو دواین جار داوایان لە شێخ کرد کە واز لە شۆڕشەکە بهێنێ بەوەی کە لە یەك لە شارە عەرەبیەکان هەڵبژێرێ تاکو پێدا بژی، دەوڵەتیش ئامادەیە موچەکی مانگانەی (150) لیرەی تورکی بۆ ببرێتەوە. بەلاّم شێخ خۆی لەقەلاّی ئۆرمار قایم کرد دوای بەرگرییەکی زۆر ناچاربوو خۆی بەدەستەوە بدا(lix).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەدواییدا شـێخ لەگەڵ سـەد خێزاندا بۆ حیجاز دور خرایەوە لەسـالی 1883 لەوێ مرد. سـالی 1893 حکومەتی عوسمانی رێی بەخێزانەکان دا بگەڕێنەوە بەو مەرجەی کوڕانی شـێخ عوبەیدوللا لەئەسـتەمبۆڵ نیشتەجێ بن(lx).

## III. بەشی سێیەم: هەڵوێستی نێو دەوڵەتی بەرامبەر بەشۆڕشەکە :

### تەوەرەی یەکەم : هەڵوێستی بەریتانیا :

بـەریتـانیـا دەوڵەتێکی زلهێز بوو بـەردەوام هـەوڵی دەدا پـارێزگـاری لـەبـەرژەوەنـدییـەکـانی خۆی بکـات لـە ناوچـەکە، وەك بەهێزکردنی پردەکانی سـەرەڕێی بەرەو هندسـتان ، هەروەها هەوڵی دەدا دەوڵەتی عوسمانی بپـارێزێت لـە داگیرکردن و دەسـت تێوەردانی وڵاتـان ، هەر بۆیە بەریتانیا هەڵوێسـتی نێگەتیفی هەبوو بەرامبەر شۆرش و بزوتنەوەی رزگاریخوازەکانی کوردی لە ناوچەکە وشۆرشی شێخ عوبەیدوڵلاش یەکێکە لەو بزوتنـەوە کوردیـانـە کـەوا بـەریتـانیـا هـەوڵی دەدا ، بـە پیلان لەنێو بەرێت (lxi) . بەریتانیا رۆڵی هەبوو لە چاودێری کردنی رێکەوتنێك لە نێوان عوسمانیەکان و ئێرانیەکان کە لە ئەنجامدا هێزەکانی عوسمانی رێگایان لە کوردەکان گرت کە ئەوانەی دەهاتنە ناو کوردستانی عوسمانی (lxii) .

لەبەر ئەوەی ئینگلیز لەم بارەیەوە بەپەرۆشـتر لە ڕووسـیا تێهەڵچـوو ، لە دەمێکەوە لەناوچـەکەدا زانیاری لەسـەر خۆ ئامادەکردنی شێخ کۆدە کردەوە وپێشبینی ترسـناك و خراپی دژی ڕاپەڕینەکە بە گوێی ئێران و عوسمانی دەگەیاند (lxiii) هەر بۆ ئەم مەبەسـتەش ئینگلیزەکان بەباڵیۆزی خۆیان راگەیاند لە ئەرزەرۆم کـە ناوی رائد تروتر بوو چـاودیری چـالاکیەکانی شـێخ عوبەیدوللا بکات لەنزێکەوە وەئەم بالیوزەش سـەرکردەی سـوپای عوسمانی لە ئەنازۆل تاوانبار کرد کەناوی سامح پاشا بوو بەوەی مەترسـی ئەم راپەڕینە نازانی وئینگلیز پیلانی دانا بۆ لەناوبردنی ئەو راپەڕێنە بەر لەوەی بەهێزبێت وکاریان کرد بویەك نەگرتنی هۆزە کوردەکان ولەلایەکی ترێشەوە هەوڵیان دا کورد و ئەرمەنەکان یەك نەگرنlxiv.

لە مانگی ئەیلولی 1880 ئابۆتی کونسـڵی ئینگلیز لەتەورێز فەرمانی لە تۆمسـۆنی باڵیۆزی ئینگلیز لە تاران پێ گەیشت کە سەردانێکی ناوچەکانی دەسڕۆیی شێخ بکات ، مەبەست لەم سەردانە کۆکردنەوەی زانیاری بوو لەسەر هێزەکانی شێخ و جموجۆڵیان (lxv).

بەلأم لەو کاتەی کە 300 ئاسوری بەسـەرکردایەتی ماریوسـفی لە ناوچـەیەکی شاخاوی چونە پاڵ شۆڕشەکە، ئـەوە بوو بـەریتانیا نوێنەری خۆی نارده لای ئاسـوریيەکان کەناوی ئابوت بوو داوای لێ کردن کەوا هاوکاری شێخ عوبەیدوڵلا و شۆڕشەکەی نەکەن چونکە بەریتانیا بەرژەوەندیتان دەپارێزی لە ناوچەکە (lxvi) .

شـێخ عوبەیدوڵلا داوای لە ئابۆت کردبوو بەرپرسـەکانی خۆی و دەوڵەتە ئەوروپی یەکانی باسـی راسـتی و دادپەروەری شـۆرشـەکە بکا هەروەها سـەید محمد ، نوێنەری شـێخ، زوڵم و زۆری حکومەتی ئێرانی بەرامبەر بە کوردەکان بۆ ئابوت رون کردەوە(lxvii).

ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مێجەر تروتێری کونســـوڵی ئینگلیز لە ئەرزەڕۆم لەنامەیەکدا بۆ باڵیۆزی خۆیان لە ئەســـتەمبۆڵ گلەیی لە ســـەردانی عوسمانی دەکات، کە نازانن بزوتنەوەکە هەڵســـەنگێنن وڕێ و شـــوێنی لەناو بردنی دابنێن و دان بەوەشـــدا دەنێ ئەو ڕاپۆرت و دەنگ و باســـە گرنگانەی دەربارەی نهێنیەکانی ڕاپەڕینەکە پێ گەیشـــتوون ، هەمووی داوەتە کاربەدەســـتانی تورك ، ناوبراو هەر خۆشـــی ماوەیەکی درێژ لە ئەرزەڕوم مایەوە تا لە چۆنیەتی دانانی ڕێ و شوێنی لەناوبردنی ڕاپەڕینەکە بەشداربێ (lxviii).

بەدەم ئەمانەشـــەوە ئامۆژگاری شـــێخ عوبەیدوڵلاَیان دەکرد کە دەســـت لە ڕاپەڕینەکە هەڵگرن و ئامۆژگاری ئەرمەن و ئاســـوریيەکانیان دەکرد ، خۆیان لە ڕاپەڕینەکە دوورە پەرێز بگرن ... ڕێ و شـــوێن و چـــۆنیەتی لەشـــکر ناردنیان بۆ ئێران و تورکیا، بۆ ناوچـــەکانی ڕاپەڕینەکە بۆ ســـەر ســـنورەکانی ئێران و عوسمانی و رووسیا دادەنا وله نامەکانیاندا لەشکری کوردەکانیان بە لەشکری (دوژمن) ناو دەبرد(lxix) .

میسەر تۆمسن ، گەورە باڵیۆزی ئینگلیز لە تاران، کە لەڕێگەی هەواڵنێرەکانیەوە لە کوردستانەوە ، ئاگاداری ئامادەکردنی کوردەکان بوون بۆ ڕاپەڕین ، هەر زوو پێشـــنیاری کۆبوونەوەی ســـێ قۆڵی ئینگلیس – ئێران – عوسمانیان دەکرد ، تا پەیماننامەیەکی دۆستانە بۆ سەرکوتکردنی بزوتنەوەکەی کورد مۆر بکەن (lxx) .

تۆمسن پێشنیاری بۆ ئێران کرد کە راستەوخۆ هێزەکانی لە تەورێزەوە بۆ ورمێ بنێرن، بۆ لەدەست نەدانی کات، هەر تۆمسن پێشنیاری کردووە ، فەرمان بە ((ئیتحاد سەڵتەنە )) بکرێت لە مەراغەوە پێشرەویی بەرەو ورمێ بکات ، چونکە ناردنی هێزی زیاد و خێرا ، بۆ ورمێ پێویستر بوو . ئەم پێشنیارەی تۆمسن ، ڕاستەوخۆ دراوە بە ناسرەدین شا دوای پەسەند کردنی فەرمانەکەی بە بروسکە بۆ سوپا سالار (میرزا حسین خان) ناردووە تا ئەنجامی بدات(lxxi).

بەریتانیا داوای دەکرد لە ئێران و دەوڵەتی عوسمانی کە ســـنورەکانی خۆیان قایم بکەن (lxxii).هەر بۆ مەبەستی چاودێری و سیخوڕی وکۆکردنەوەی زانیاری لەسەر شێخ عوبەیدوڵلاَ و شۆڕشەکە ، بەریتانیا چەندین کەسایەتی خۆی ناردە ناوچەکە هەروەك لە ساڵی 1887 رامسان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری هاتە ناوچـــەی هەکاری و باشـــقلا (lxxiii). ولەگەڵ پشـــتگوێ خســـتنی داواکانی میللەتی کورد لەلایەن بریتانیاوەلەبارەی سەربەخۆیی، هەروەها داوایان لە کورد دەکرد مل کەچ کات بۆ هەردوو حکومەتی ناوەندی تاران و ئەستەمبۆڵ (lxxiv).

هەڵوێستی نیگەتیفی بەریتانیا لە هەموو کاتی شۆڕشەکە بەدەردەکەوێ ، پاش دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکە لە ئێران ئەوەبوو شـــێخ گەڕایەوە خاکی کوردســـتانی دەوڵەتی عوسمانی لەو کاتە باڵیۆزی بەریتانیا لە ئەستەمبوڵ کە ((کوشیش)) بوو یەکسەر داوای لە ئەستەمبوڵ کرد کە شێخ عوبەیدوڵلاَ رادەستی ئیران بکات، یاخود ســـزای بدات ئەمەش هۆکاری ســـەرەکی بوو بۆ ســـەرنەکەوتنی ڕاپەڕینەکە و نەگەیشـــتنی شۆڕشگێڕان بە ئاوات(lxxv).

ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**تەوەرەی دووەم :هەڵوێستی روسیا :**

لە دوای تەواوبوونی شەڕی ڕووسی و عوسمانی لە 1878 دا شێخ هەوڵی دا، كەوا پەیوەندی خۆی باش بكات لەگەڵ رووسیا، هەڵوێستی روسی ئیجابی بێت بەرامبەر بە شۆڕشەكەی وسوود لە دەسەلاٌتی روسیا وەربگرێت لە ناوچەكە بۆ دۆزی كورد ، بۆیە هەر لە سەرەتاوە نوێنەری خۆی نارده لای رووس(lxxvi) .

دوای سـەركەوتنی رووسـیا لە جەنگیدا لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی و بەدەسـت هێنانی دەسـكەوتێكی زۆرو سـەپاندنی مەرجەكانی بەسـەر عوسمانیدا، نەیدەویسـت ئینگلیس، خۆی لەوگێروگرفتانە هەڵقورتێنێ ، كە ڕاسـتەوخۆ پێوەندیان بەخۆیەوە نییە ، بەلاٌم بەو پێیەی كە لەچـاو ئینگلیسـدا ، كە لە كوردسـتانەوە نزیك بوو بۆیە رووسـیاش وەك ئینگلیس و ئێران و توركیا ، هەر لە سـەرەتای خۆ ئامادەكردنی شـێخ عوبەیدوڵلاٌ ئاگاداری ڕاپەڕینەكە بوو(lxxvii).

رووسیا هەڵوێستی نیگەتیفی نواند بەرامبەر بە شۆڕشەكە بە درێژایی ماوەكە، هەرچەندە شێخ عوبەیدوڵلاٌ هەوڵی دەدا ، كەوا شـۆڕشـەكەی سـەربخات بە هاوكاری و یارمەتی دەوڵەتە زلهێزەكان وەك روسـیا ، بەلاٌم سەركەوتوو نەبوو لەم رووەوە(lxxviii).

دوای كردنەوەی كۆنسـولگەری رووسـی لە شـاری وان، شـێخ نوێنەری خۆی سـەید محەمەد سـەعید بۆلای كامسـاراكان نارد ونوێنەرەكە بۆ كۆنسـوڵیروسـەكانی رون كردەوە كە كورد دەتوانێ رۆڵێكی گرنگی هەبێ ئەگەر شـەڕ لە نێوان رووسـیا وبریتانیا هەڵبگیرسێ چـونكە كورد هەموو ناوچـە سـتراتیجیەكانی دەربەندە گرنگەكانیان لە كوردسـتان دا بەدەسـتەوەیە. هەرچـەندە كونسولْ گوێی لێ گرت بەلاٌم بەپیر داواكانی نەچـوو بـەڵكو داوای لە شـێخ كرد كە داواكانی خۆی بخاتە بەردەمی دەوڵەتی عوسمانی چـونكە لەوكاتەدا روس و عوسمانیەكان پەیوەندیی باش لە نێوانیاندا هەبوو(lxxix).

دوای بەدەسـتهێنانی سـەركەوتنە بەراییەكانی شـۆرشـگێران لەكوردسـتانی رۆژهەلات ئەمە وای لەحكومەتی ئێران كرد كەداوا لەرووسـیا بكات هیزی خۆی لەئازربایجان ئامادە بكا. بەتایبەتی دوای ئەوەی كە كوردەكان هەرەشـەی گرتنی شـاری تەورێزیان كردو لەو سـەروبەندەدا حكومەتی ئێران داوایان لەرووسـیا كرد كە فشاربخاتە سـەر دەوڵەتی عوسمانی بو ئەوەی بكەوێتە سـەركوت كردنی هیزەكەی شـێخ. وحكومەتی رووسـیا بەدەم داواكەی ئیران هات و هەر بۆیەش هێزی نارده سـەر سـنوری ئازەربایجان وفەرماندەی سـوپای ئاگادار كردەوە كەبۆیان هەیە لەكاتی پەرەسـەندنی رووداوەكان یارمەتی ئێران بدەن، وجگە لەوە لەریگەی باڵیۆزی خۆیان هەوڵیان دا دەوڵەتی عوسمانی لەدژی كورد هان بدەن. هەرچـەندە هیزەكانی رووس نەچونە ناو خاكی كوردسـتان لەترسـی هەرەشـە سیاسییەكان، تەنها لەسەر سنور مانەوە، سەرباری ئەوە تێپێكی تایبەتی خەڵكی نەخجەوان بەفەرماندەیی جەنرال ئیلخازۆف بۆ چاودێری كردنی جموجولەكانی كورد دانا(lxxx).

ئەوە بوو ڕاپەڕینەكە لە ئێران سەركوت كرایەوە وشێخ عوبەیدوڵلاٌ و هاوڕێ یەكانی چوونەوە بۆ كوردستانی عوسمانی. پێش ئەوەی شـێخ عوبەیدوڵلاٌ سـەردانی ئەستەمبۆڵ بكا، هەوڵی دا كە دووبارە روسیا هاوكاری بكا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**لە شۆڕشەکە بەلاّم هیچ کەڵك و سودی نەبوو، روسیا داواکاریەکانی وەك جاران رەت کردەوە(lxxxi)، وداوای لێ کرد کە گوێرایەڵی حکومەتی عوسمانی بێ بەبێ قەردو شەرت(lxxxii).**

## IV. ئەنجام: لە کۆتـایی لێکۆڵینەوە گەیشتینە چەند ئەنجامێك لەوانە :

1. **شـێخ عوبەیدوڵڵای نەهری یەکێکە لە سـەرکردە هەرە بەناوبانگەکانی میللەتی کورد کە زۆر هەوڵی دا بۆ هێنانەدی ئازادی و سـەربەخۆیی کوردسـتان وبۆ ڕزگارکردنی میللەتی کورد لە دەسـت هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری ، بەلاّم سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا وئامانجی نەهاتەدی .**
2. **دەوڵەتی عوسمانی یەکەم جار پشـتگیری نیشـان دا بۆ شـۆڕشـەکە ئەویش بو هێنانە دێ چـەن بەرژەوەندێك بوو، بەلاّم دواتر لەژێر فشاری دەوڵەتە ئەوروپیەکان، ئەویش هەڵوێستی نیگەتیفانەی نواند بەرامبەر شۆرشەکە بە هەموو شێوەیەك کەوتە راوە دونانی شۆڕشگێران .**
3. **بریتانیا رۆلی گرنگ و بەرچاوی بینی لەلەناوبردنی وشکست پێهێنانی ئەم شـۆرشـە لەرێگەی فشار خستنە سەر دەوڵەتی عوسمانی ورووسیا کەهاوکاری ئێران بکەن بو لەناوبردنی.**
4. **دەولـەتی ئێرانیش وەکو دەولـەتـەکانی تر هەڵوێسـتی نیگەتیفانەیەهبوو بەرامبەر بە ڕاپەڕینەکە وداوای یـارمـەتی لـە دەولـەتی بـەریتـانیـا ورووسـیا ودەولەتی عوسمانی کرد بۆ سـەرکوت کردنی شۆرشەکە.**

## V. پەراوێزەکان:

**شـێخ عوبەیدوڵڵای کوڕی شـێخ گە ی نایری یاخود نەهری یە ، کە لە سـاڵی ، (1830- 1831 ) لە دێ ی نەهری لە ناوچـەی شـەمزینان لە بنەماڵەیەکی ئایین پەروەر و خاوەن تەکیە و مورید لەدایك بووە، شـێخ پەنجا سـالأنە بوو لە دژی سـتەمی عوسمانی ڕاپەڕیوە.. بنەماڵەی شـێخ نەهری ، خاوەنی ئەزموونی دینی و دنیای بوون . لە ڕووی دینەوە مەلای چـاك و ناوداریان تێدا هەڵكەوتووە لە ڕووی دنیاشـەوە خاوەنی زەوی و زاری کشـتوکاڵ و خاوەنی (200) گوندی یان ئاوایی بوون . دەسـەلأتی ئیرشـادی تەریقەتیش ، پایەی دینی کۆمەلأیەتی ، سـیاسـی هەبوو. شـێخ عوبەیدوڵلاّ کوڕی ئەم بنەماڵە دەسـەلأتدارە بەرێزە بوو ، شـارەزای زانسـتەکانی عیرفان و دین بوو ، بە گوێیرەی گێڕانەوەکانی ((بیرەوەریەکانی وەفاتی)) ، شـێخ عوبەیدوڵلاّ . خوێندەوارێکی بالأدەسـت و شـاعیرێکی بەدەسـەلأت بوو. کاتێ شـەڕی ڕووسـیەی نزاری و عوسمانی لە سـاڵی (1877-1878) لەبەر ئەوەی تورکەکان موسڵمان بوون لایەن گری لێ کردن ، لە زۆربەی سەرچاوەکان هاتووە کە شـێخ عوبەیدوڵلاّ لە 1883/10/12 کۆچـی دوایی کردووە لە شـاری مەدینە هەر لەوێش نێژراوە. بو زیاتر زانیاری بروانە: محمد حمە باقی ، شـۆرشـی شـێخ عوبەیدوڵلای نەهری لە بەلگەنامەی قاچـاری دا ، چـاپی یەکەم ، چـاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، 2000 ،ل ل25و44و45؛ مؤلف مجهول:** السـلطة

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**الايرانيه ومعاداتها الشـعب الكردى** منذ **القديم** "ثورة الشـيخ عبيداله الشـيخ طه(طاها) النهري" ((ضـد الحكومـة القاجـاريـة))، **تعريـب محمـد جميـل الروزبيانى ، مگبعه المجمع العلمى العراقى، بغداد،** 1985، **ص-ص**324-325**،محمـد صـــالح ئيبراهيمى محـەمـەدى ، ژينـاوەرى زانـايـانى كورد لە جيهانى ئيسـلامەتى دا ، گەنجينەى فەرهەنگ و زانسـت ، بەرگى يەكەم ، محدان** طهران ، 1363**ك،ل ل** 161-163؛ **كريس كوچيرا ، كورد لە سەدەى نۆزدە- بيست دا ، و. محمد ريانى ، تهران ،** 1369، **ل** 50..

---

(i) **شێخ عوبەیدوڵڵای کوڕی** الكردي منذ القديم "ثورة الشيخ عبيداله الشيخ طه(طاها) النهري" ((ضد الحكومة القاجارية))، تعريب محمد جميل الروزبياني ، مطبعة المجمع العلمي العراقي، بغداد، 1985، ص-ص324-325،**محمد صالح ئيبراهيمى محەمەدى ، ژيناوەرى زانايانى كورد لە جيهانى ئيسلامەتى دا ، گەنجينەى فەرهەنگ و زانست ، بەرگى يەكەم ، محدان** طهران ، 1363**ك،ل ل** 161–163**؛ كريس كوچيرا ، كورد لە سەدەى نۆزدە– بيست دا ، و. محمد ريانى ، تهران ،** 1369**، ل** 50.

(ii) **محمد ئيبراهيمى محمدى ، س.پ،ل** 160.

(iii) **خالفين ، الصراع على كردستان ، ت .** احمد عثمان ابوبكر ، بغداد،1969**،ص** 118.

(iv) **دكتور عەبدوڵڵا عەلیاوەیی،کوردستان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی،**2004**،ل** 90.

(v)**محەمەدی حەمە باقی ،بیرەوەریەکانی وەفایی (تحفه المریدین)، هەولێر ،** 1999**،ل** 7.

(vi) **خالفين ، الصراع على كردستان، ص** 113.

(vii) **محەمەد حەمە باقی ، بیرەوەریەکانی وەفایی ،ل** 8.

(viii)**هـ.س ، ل** 8.

(ix)**د.جلیلی جەلیل ، ڕاپەڕینی کوردەکان ، ساڵی** 1880**، و.د. کاوس فەفتان ، چاپخانەی الزمان ، بەغداد ،** 1987**،ل** 517.

(x) **د. عبد**الرؤوف **سنو،** النزعات الكيانيةالاسلامية في الدولة العثمانية(1877-1881)**، بيروت،** 1998**،ص**124.

(xi)xi- **م. ڕەسول هاوار ، کورد و باکوری کوردستان لە سەرەتای مێژووەوە هەتا شەڕی دوهەمی جیهان ، بەرگی یەکەم، خاك ، سولێمانی،ل** 349.

(xii) **محەمەد حەمە باقی، شۆرشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ، ل** 72.

(xiii) **خالفين ، الصراع على كردستان، ص**121.

(xiv) **د. عزیز شمزینی،جولانەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان، فەرید سەسەرد،**1998**،ل**57.

(xv) **محەمەد ئەمین زەکی،خولاصەیەکی تاریخی،کوردوکوردستان،سلێمانی،**2004**،بەرگی یەکەم،ل**168.

(xvi) **حوسێنی مەدەنی ، کوردستان و ئیستراجی دەوڵەتان، هەولێر،**2000**،بەرگی یەکەم،ل**191.

(xvii) **د.عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، س.پ،ل** 110.

(xviii) **محەمەد حەمە باقی ، شۆرشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، ل** 252.

(xix)**حوسێنی مەدەنی ، س.پ،ل** 191.

(xx) **محەمەدی حەمە باقی ، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری،ل** 252.

(xxi)**د. جەلیلی جەلیل، س.پ،ل** 164 ، **م. رەسول هاوار ، س.پ،ل** 350.

(xxii) **خالفین ، خەبات لە ڕێی کوردستان ، و. جەلال تەقی ،** 1971.

(xxiii) **د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی ، س.پ،ل** 126.

(xxiv) **محەمەد صالح ئیبراهیمی محەمەدی ، س.پ،ل** 161.

(xxv) **بلەج شێرکۆ ، کێشەی مێژینەی کورد ، و. محەمەد ریانی ، کوردستان**،1992،ل38.

(xxvi) **خالفین، خەبات لەرێی کوردستان، ل** 190.

(xxvii)شاكر خصباك: الكرد والمسالة الكردية، مطبعة الرابطة، بغداد، 1954،ص21.

(xxviii) **بو زیاتر زانیاری بروانە** شرفخان البدليسي : الشرفنامة في تاريخ الدول والامارات الكوردية، ت: ملا جميل بندي روزبياني، مطبعة النجاح، بغداد، 1953، ص431؛ احمد عبدالرحيم مصطفى: في اصول التاريخ العثماني، بيروت،1982، ص -ص81-86" **م.س لازاریف: کێشەی کورد** 1896–1917، **و: کاوس قفتان، بەغدا**، 1989،ل43.

(xxix) **بو زیاتر زانیاری بروانە** عباس العزاوي: تاريخ العراق بين احتلالين، ج4، بغداد،1949، ص-ص236-237؛د.علاء نورس: العراق في العهد العثماني 1700-1800،دار الحرية، بغداد، 1979،ص64.

(xxx)**کامەران ئەحمەد محەمەد ئەمین: کوردستان لەنێوان ململانیی نێو دەولەتی وناوچەییدا** (1890–1932)، **دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی** ،2000، ل25.

(xxxi) **ه.س، ل**25.

(xxxii) **الصراع على كوردستان، ص**77.

(xxxiii) **بوزانیاری زیاتر بروانە** د.عبدالعزيز سليمان نوار: تاريخ الشعوب الاسلامية في العصر الحديث، دار النهضة العربية، بيروت،1971،ج1، ص-ص207-208؛شاكر صابر الظابط: العلاقات الدولية ومعاهدات الحدود بين العراق وايران، نشر وطبع دار البصرة، بغداد، 1966؛ص59.

(xxxiv)**کامەران ئەحمەد محەمەد ئەمین: س.پ، ل** 32.

(xxxv)ه.س. ، ل33.

(xxxvi)ه.س، ل ل32-33.

(xxxvii)**جولانەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان ، و. فەرید ئەسەسەرد ، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان،ِچاپی چوارەم**، 2006، ل98.

(xxxviii)**چەندین هۆکار بونەهۆی سەرهەڵدانی ئەم بزوتنەوەیە لەوانەش، بیزاربوونی خەلك لە خراپی هەڵسوکەوتی بەرێوەبەرایەتی عوسمانی وەزەبرو زۆری فەرمانبەرە تورکەکان دژی گەڵی کورد وەزیاد کردنی باج بەسەر کوردەکان ولادانیان لەپلەوپایەیان ودانانی تورك لەشوێنیان. بو زیاتر زانیاری بروانە د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی ،س.پ،ل –ل**49–50؛ كوني **رەش**: انتفاضة يزدان شير البوطاني 1854-1855، مجلة مةتين، العدد 57، السنة 1996، ص-ص105-107.

(xxxix) **د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی ،س.پ،ل** 135.

(xl) **محەمە ئەمین زەکی ، س.پ،ل ل**168–169.

(xli) **حوسێنی مەدەنی ، س.پ،ل** 172.

(xlii)**محەمەد حەمە باقی، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری،ل** 216.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(xliii)د.جەلیلی جەلیل ،س.پ،ل 316.

(xliv)حوسێنی مەدەنی ، س.پ،ل 177.

(xlv)محەمەد حەمە باقی، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری،ل ل 215–216.

(xlvi)حوسێنی مەدەنی ، س.پ،ل 170

(xlvii)د.جەلیلی جەلیل ،س.پ،ل ل 138–139.

(xlviii)ه.س.پ،ل 154.

(xlix)حوسێنی مەدەنی ، س.پ،ل 177.

(l)د. عەبدوڵلاْ عەلیاوەیی ،س.پ،ل 99.

(li)خالفین ، خەبات لە ڕێی کوردستانا، ل 194.

(lii)حسن ئەرفەع ، کوردستان لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی مێژوویی یە ، و. سەردار محمد ، سلێمانی ، 2000، ل 50.

(liii) محەمەد حەمە باقی ، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری ، ل 220.

(liv)د. عەبدوڵلاْ عەلیاوەیی ، س.پ، ل 101.

lv)د. جەلیلی جەلیل ، س.پ،ل ل 75–76.

(lvi) محەمەد حەمە باقی ، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری ،ل 221.

(lvii) محەمەد حەمە باقی ، بیرەوەرییەکانی وەفاییی، ل15.

(lviii) د. عەبدوڵلاْ عەلیاوەیی ، س.پ، ل101.

(lix)ه.س، ل 102.

(lx)ه.س، ل102.

(lxi)کریس کوچیرا ، س.پ، ل 51.

(lxii)د. عبد الرؤوف سنو، س.پ،ص 127.

(lxiii)محەمەد حەمە باقی ، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری ، ل 217.

lxiv)بڕوانە د. جەلیلی جەلیل ، س.پ،ل56,55,51

(lxv)خالفین، الصراع علی کردستان ، ص ص 130–131.

(lxvi)د. جەلیلی جەلیل ، س.پ،ل 131.

(lxvii)د. عەبدوڵلاْ عەلیاوەیی ، س.پ، ل109.

(lxviii)محەمەد حەمە باقی ، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری ، ل217.

(lxix)ه,س، ل217.

(lxx)جەمال میرزا عەزیز ،لە تاریکیەوە بۆ ڕووناکی ،بەڵگەنامەکانی شۆڕشی 1880، سلێمانی ، 1999،ل79.

(lxxi)محەمەد حەمە باقی ، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری ، ل 218.

(lxxii)م. ڕەسول هاوار ، س.پ،ل 233.

(lxxiii)خالفین ، خەبات لەڕێی کوردستان ، ل 175.

(lxxiv)سالح محمد امین، کورد و عەجەم ، سلیمانی ، 1992،ل 158.

(lxxv)د. جەلیلی ، س.پ،ل 141.

(lxxvi)خالفین ، خەبات لە ڕێی کوردستانا، ل 169.

(lxxvii) **محەمەد حەمە باقی ، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری** ،ل 219.

(lxxviii) **حوسێنی مەدەنی** ، **س.پ**،ل 166.

(lxxix)**د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی** ، **س.پ**، ل105.

(lxxx) **د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی** ، **س.پ**، ل106.

(lxxxi) **خالفین** ، **خەبات لە رێی کوردستانا**، ل169.

(lxxxii) **د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی** ، **س.پ**، ل107.

**الملخص:**

اصبحت كوردستان تتمتع باستقلالها السياسي منذ القرن السادس عشر خصوصا بعد اعتراف الدولة العثمانية بالامارات الكوردية، الا انه بسبب اهميتها الاستراتيجية اصبحت ميداناً للحروب المستمرة بين الدولتين العثمانية والقاجارية، وحاول الكورد باستمرار تحرير منطقتهم عن طريق الثورات التي قاموا بها، ونذكر من اهم هذه الثورات، ثورة الشيخ عبيدالله النهري، الذي حاول تحرير كوردستان الشرقي من الحكومة القاجارية الا انه بسبب الدعم الاقليمي والدولي للدولة القاجارية ادي بالثورة الى عدم تحقيق اهدافها .

يشتمل هذا البحث على ثلاثة مباحث وخاتمة: على النحو الاتي: حيث تناول المبحث الاول اهم اسباب حدوث الثورة في 1880، والاسباب التي ادى الى سقوطها، ومن ثم تطرقت الى جذور السمألة الكوردية في العلاقات الدولية والاقليمية من سنة 1514 الى ثورة شيخ عبيدالله النهري، وفي المبحث الثاني اشرنا الى الموقف الاقليمي تجاه الثورة وخصوصا الموقف العثماني والموقف القاجاري، بينما تناول المبحث الثالث الموقف الدولي تجاه الثورة بما فيها موقف الدولتين روسيا وبريطانيا الذين ضغطا على الدولة العثمانية لمساعدة الحكومة القاجارية للقضاء على هذه الثورة نهائياً.

## Abstract:

Kurdistan became independent since the 16th century, particularly, after Ottoman state (empire) confessed Kurdish Emirates, but because of its strategic importance, it became afield for wars which lasted between Ottoman and Algajeryh. Kurds had many attempts to liberate their area via the revolutions that they had led. One of the most important revelation was the revelation of Sheikh obaid Allah Al-Nahri who attempted to liberate Kurdistan the East from Qadgariya, but because of the Regional and International support to the Alqajeryh Government, led the revelation not to achieve its gools.

This paper involves three sections and a conclusion. Section one tackles the emergence of the 1880 revelotion and the reasons behind its declining. It also studies the Kurdish case in

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (١) - ژمارە (١)، خەرمانان ٢٠١٦
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

Regional and International relations from 1514 to the revolution of Al- Shekh obaid Allah Al-Nahri. Section two is about the territorial situation toward the revelotion, particularly, the Ottoman's situation and Algajer situation. As for chapter three, it is about the international situation including the Russian and British situations who put a pressure on the Ottoman state for helping Alqajeryh government in order to let their revelotion be declined completely.